# کۆتایی ئێراق لە تۆرۆنتۆ




لەدرێژەی زنجیرە چالاکییەهونەری ورۆشنبیرییەکانیدا ، رۆژی شەممە 13 جانیوەری 2007 ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ سیمینارێکی تایبەتی دەربارەی پەرتووکی (کۆتایی ئێراق)ی دیپلۆماتکاری ئەمریکایی دۆستی کورد پیتەر گالبرێس بۆ بەرێز مامۆستا تاهیر جاف ناسراو بە مامکاك رێکخست، سەرەتا رێپۆرتاژێکی دیکۆمێنتاری تەلەفزیۆنی بەنێوبانگی کەنەدایی CBC پیشاندرا کە تایبەت بوو بە هەوڵ وکۆششەکانی بەرێز گالبرێس بۆ ناساندنی تاوانەکانی عیراق بەرامبەر بە کوردو فشارخستنە سەر بەرێوەبەرایەتی ئەمریکا لەکاتی شاڵاوی جینۆسایدی ئەنفال وبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی کورد بۆ ئەوەی سزای توند بخرێتە سەر رژێمی عیراق ورێگە لە تاوانەکانی بگیرێت بەرامبەر بەکورد ،دوای نیشاندنی رێپۆرتاژەکە کە نیزیکەی نیو کاتژمێربوو، مامکاك باسێکی تێروتەسەلی کتێبی کۆتایی ئێراق وبیروبۆچوونەکانی پیتەرگالبرێسی کرد کە داوا لە ئەمریکا دەکات ئێراق دابەش بکات وباشووری کوردستانیش وەکو دەولەتێکی سەربەخۆ بناسێنێت ، کۆرگێر بەشێوەیەکی سەرنجراکێش گەشتێکی بەنێو بەشەکانی ئەم پەرتووکەدا کرد کە بووە جێگەی خۆشحاڵی ئامادەبووان. لەکۆتاییشدا چەندین پرسیارو تێبینی لەلایەن ئامادەبووانەوە خرانە روو کەلەلایەن کۆرگێرەوە وەرامی پرسیارەکان درایەوە.

جێگەی باسە کتێبی (کۆتایی ئێراق) لەلایەن بەرێز مامکاك-ەوە کراوەتە کوردی وبەم نزیکانە لە دەسگای چاپەمەنی ئاراسەوە لە هەولێر بەچاپ دەگات و بڵاو دەبێتەوە .





ڕاگەیاندنی ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ

[www.kurdishhouse.org](http://www.kurdishhouse.org)